## کام ڕەخنە؟ کام سانسۆر؟ ئیبراهیم هەورامانی

محمد کەریم لەژمارە (134) ی ڕۆژنامەی ئاسۆدا لەوەڵامێك دا بەنوسینەکەی (بەندە، ئاسۆ عبدالتیف، ئیدریس علی) وەك بەرگریەك لەسامان حمەکەریم هاتۆتەقسە. بەر لەوەی بچمە ناو بابەتەکەمەوە، هەستم دەکرد، یا چاوەڕی بووم کاك سامان بۆخۆی لەبەرامبەر نوسینەکەی ئێمەدا وەڵامی هەبی. . . . . . نەك بەرپرسی لاپەڕەی ئازادی کوردستانی نوی. نوسینەکانی ئێمە دوورو نزیك نە پەیوەندی و نە پەیوەستن بەکاك محمد کەریمەوە دیارە وەك کورد گوتەنی ئەم ماستە موویەکی تێدایە! بەهەر حاڵ کاتێك کاك محمد وەڵامەکانی ئێمە، نوسینەکانی ئێمە، لەبەرامبەر بابەتەکەی کاك سامان دا بەگەلە کۆمە دەشوبهێنی و پێی وایە ئەو نوسەرە لاوە (بەوتەی کاك محمد) بەر شاڵاوی چاو ترساندن و تۆقاندن کەوتووە و لەوەناچی جارێکی دیکە پەنجەکانی قەڵەم بگری. من پێم وایە نەنوسینەکانی ئێمە گەلەکۆمەیەو نەبابەتەکەی کاك سامان ڕەخنەیەکەکە ئیزافەیەکی مەعریفی یانە بە ڤیستیڤاڵەکەی ناوەندی ڕوناکبیری هەڵەبجە ببەخشی و نە کاکە محمدیش دەتوانی بەرگی پارێزەری لەم مەیدانی دیالۆگەدا بپۆشی. من بەش بەحاڵی خۆم هیچ کاتێك دژی ڕەخنەو ڕەخنە لێگرتن نەبووم و نابم وەهەرگیز تەشهیر و بوختان و موزایدە کردنیش بەناوی ڕەخنەوە قبوڵ ناکەم. کاتی لە بەرامبەر بابەتەکەی کاك سامان دا وەڵامم هەبوو ئەوە مافێکی یاسای و شەرعی خۆمە بەقەد ئەوەندەی کاك سامان مافی هەبووە نەك بەگوتەی کاك (محمد کەریم) من خۆمم کردبێتە هیگڵ و کاك سامانیش بەلاوێکی تازەپەنجە قەڵەم گرتوو بەراَستی سەیرە ئەوە کوردوستانی نویَ و ئەوەش بابەتەکان. ئەو مەسەلەی کاك سامان لەبابەتەکەیدا خستبوو یە ڕوو. . . هێندەی دەیویست یەك دوو قسەی لەسەر بکرێت. سەیر لێرەدایە، نوسەرێك لەلاپەڕەی ئازادی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەدا کار بکات و بیەوێت بەهەموو تێڕوانین و خەیال وَ مەبەستێکی خۆی تازەبەتازە عەقڵی دەستە گەرایی زیند وو بکاتەوەو پەنجەی نائەخلاقی و تۆمەتی دزی بۆ چەند نوسەرێك درێژ بکات ئەمە هەقێکی ڕەوا بێت و بەرپرسی لاپەڕەی ئازاد بەشێوەیەکی تر و لەدەرەوەی مەیدانی دیالۆگی نێوانماندا خۆی بکاتە پارێزەر بەمەرجێك کاك سامان لەوەڵامی هەر سی بابەتەکەدا حەرفێکی نەبێت. سەیرو سەمەرەکە لێرەدایە! کاك محمد کریم پێی وایە بابەتەکەی کاك سامان بابەتێکی مەوزو عیانەو چیتر نابی کەس پێشنیار و دیالۆگی خۆی وەك وەڵام بخاتە ڕوو. هەموو وەڵام دانەوەیەك بە سانسۆر و چاو سورکردنەوە دەزانی. من بە (کاك محمد) دەڵێم. . چما کاك سامان حمە کەریم لەهەڵەبجە دادەنیشی؟ یان هەڵەبجەیی یە؟ حەتمەن نەخێر ئەدی بەچ حەقێك دێت و جەماوەر لەئێمە دەورو ژێنێت و بەدز و مەسلەحەت چی ناومان دەبات و ئەو ڤیستیڤاڵە سی ڕۆژیەی کەتوانی بەوتەی شایەت حاڵەکان بەڕێژەی زۆر سەرکەوتوو بێت بەگوڵی نایلۆنی بی بۆنی دەشوبهێنێت و پێی وایە گیرفانە ساردەکانمان بەپارەی ڤیستیڤاڵ گەرم دەکەینەوە. ماوەتەوە ئەوەی لەکۆتای دا هەر ئەوەندە بە کاکە حەمە دەڵێم ئەگەر بابەتەکەی کاك سامان و وەڵامەکەی ئێمەت بخوێندا یەتەوە ئەو ساتی دەگەیشتی کام ڕەخنە؟ کام سانسۆر